## ئاشنا رەئوف:

# با چی دیکە ئەکتەر و هونەرمەندانی خۆمان بە کەم نەزانین

**ئاشنا رەئوف یەکێکە لەو خانمە ئەکتەرانەی کە لە بوارەکانی شانۆ و سینەما و درامادا بەشداری کردووە و بە لێهاتوویی و توانایی خۆی زۆر سەرکەوتووانە ئەو رۆڵانەی بینیوە کەپێی سپێردراون، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



**• بەشی شانۆت تەواو کردووە و لە دراما و فیلمیشدا بەشداریت کردووە، بەڕای تۆ دەکرێ ئەکتەر لە هەرسێ بوارەکەدا سەرکەوتوو بێ یان یەکیان وەك پسپۆڕێتی وەربگرێت باشترە؟**

- بێگومان ئەگەر یەکێکیان پسپۆری بێت باشترە... راستە منیش و زۆرینەی هاوڕێکانم دەرچووی بەشی شانۆین لەبەر ئەوەی تەنها ئەوێمان هەیە بۆ خوێندنی هونەری بەڵام کارکردن لە بوارە جیا جیاکانی هونەری نواندن دەگەڕێتەوە بۆ خولیا و حەزو خۆشەویستی بۆ کاری هونەری و ئەگەریش تەنها بۆ یەك بوار کار بکەیت ئەوە ئەبێت ماوەیەکی زۆر دابنیشیت بێ کاری هونەری، چونکە کاری هونەری لێرە ئەوەندە بەرفراوان نییە، بەڵکو کەم کار دەکرێت و هەمیشە کێشەی بودجە هەیە لە هونەردا...

**• لە کۆتایی نەوەدەکان بەشی شانۆت لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان تەواوکرد، ئەو سەردەمە کوردستان بە بارودۆخێکی نالەباردا دەبووری لە هەموو بوارەکاندا، ئەو بارودۆخەی کوردستان لە هونەر بێ ئومێدی نەکردن؟**

- لەبەر ئەوەی هونەر ژیانە لە بەرگێکی هونەریی جوانتردا بێگومان ئەو قەیران و بارودۆخە هونەریشی بێبەش نەکرد... هەرچەندە من ئەو کات بۆ ماوەی سێ ساڵ دوای تەواو

کردنـــی پەیمانگا دوورکەوتمەوە لـــە کاری هونەری بەهۆی بوونم بە دایك.

**• بۆ هونەرمەند هەموو کارێك بەشداری تێدا کردبێت بەرز و پیرۆزە، بەڵام تۆ وەك ئاشنا زیاتر شانازی بە کام لە کارەکانی خۆتەوە دەکەی لە شانۆ و دراما و فیلم؟**

- هەموو کارێك خۆشەویســـتی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لای هونەرمەنـــد بۆ منیش بە هەمان شـــێوەیە و هەر کارە و گرنگی و کۆمەڵە تایبەتییەکی هەیە کە بۆ هونەرمەند دەبێتە ئەزموونێك، بەڵام بۆ من (شـــانۆیی – شـــەوی نیشتمانی ـدەرهێنەر شـــوان کەریم) تایبەتمەندی و خۆشەویستییەکی زۆری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـــدا هەموو کارەکانی تریشم خۆشدەوێت و هەرگیز لە هیچیان پەشیمان نیم...

**• لە رەزامەندیی دەربڕین بۆ بەشـــداری کردن لە کارێکی نواندنـــدا، ئایا دەق بۆ تۆ گرنگترە یان دەرهێنەر و ســـتافی کارەکە؟**

- بێگومان بۆ من هەموو ئەو لایەنانە گرنگن...

**• لەو رۆڵانەی بەشداریت تێداکردووە لە کامیان بە تەواوی رازی بووی و لە کامیان رازی نەبووی.**

- واباشترە لای من ئەم هەڵسەنگاندنە خۆم باسی لێوە نەکەم بەڵکو کەسانی تر ئەمە دەست نیشان بکەن...

**• تۆ زیاتر سەرسامی بە نەوەی هەشتاکان یان نەوەی دوای راپەڕین لە هونەرمەندان و بۆچی ؟**

- من وەك خۆم خشـــتەیەکم نییە لە جیاکردنەوەی نەوەکان و رێز لە توانـــا و بەهرەی هەمووان دەگرم. لای من پێوەر نییە بۆ ئەوە، لە هـــەردوو ماوەکەدا کارو چالاکی و هەوڵ هەبووە و هەموو کارێك هێندە ماندوو بوونی هەیە کە شایەنی رێزە و من دەست خۆشـــی و رێزم هەیە بۆ هەردوو نەوەکە و هیوای سەرکەوتنم هەیە بۆیان.

**• فەرمانبەرایەتـــی و دایکایەتی تا چەنـــد کاریگەرییان لەسەر بەردەوام بوونت هەبووە لە بواری نواندن؟**

- مـــن فەرمانبەرم لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شـــانۆی ســـلێمانی.. وەك هونەرمەند دەوام دەکەم و هیچ کێشـــەیەکم نییە، لێرەدا، چونکە شوێنی کارەکەم زۆر هاوکار و گونجاوە بـــۆ کاری هونـــەری... بـــەڵام بەپێچەوانـــەوە دایکایەتی ئەرکێکی زۆر قورسە و هەموو کات ئەو منداڵە پێویستی بە دایکە هەرچەندە گەورەتر بێت... بەڵام بەداخەوە کە ناشکرێت واز لـــە کارکردن بێنیت لەبەر دایکایەتی یا هەر هۆکارێکی تر،بۆیە من خۆشـــبەختانە لەگەڵ دایکایەتیمدا کە خاوەنی دوو کوڕی شـــیرینم کە تەمەنیان (١٣ساڵ و ٩ ساڵە) لەم ماوەیەدا تەنها ســـێ ساڵی سەرەتای یەکەم دابڕاوم ئەگەرنا کـــەم تا زۆر و بەپێی ئەو کارانەی هاتوونەتە پێش بۆ من و رەزامەند بوونم لەسەری من هەر بەردەوام بووم کە مەرج نییە هەموو کات وەك ئەکتەر نواندنم کردبێت بەڵکو زۆربەی کات لە کارە تەکنیکییەکان و کارگێڕی و لیژنەی فێستیڤاڵەکاندا بووم.

**• لە نێو گەلانی جیهاندا شـــانۆ دەربڕی هەست و خواستی خەڵك و ئیلهام بەخش بووە، ئایا شـــانۆکارانی کورد توانیویانە ئەو رۆڵە ببینن وەکو پێویست؟**

- ئەی بـــۆ نا بۆ ئێمە هونەرمەنـــد و ئەکتەری خۆمان لا گرنگ نەبێت بەڵێ بە خۆشحاڵییەوە ئەکتەر و هونەرمەندانی زۆر باشـــمان هەیە و زۆر کات رۆڵی جوان بەرجەســـتە کراوە کە بەراستی جێی سەرســـامی و باس کردنە... هیوادارم واز لـــەوە بهێنرێت کە هێندە ئەکتەرو هونەرمەندانی خۆمان لا کەم بێت بەپێچەوانەوە.. هیوادارم هەمیشە دەستخۆشی و هاندانمان هەبێت بۆ هەموو ئەوانەی کار دەکەن تا جوانترمان پێشـــکەش بکرێت.

**• لـــە نەوەدەکانی ســـەدەی رابردوو نالەبـــاری بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ پاشەکشەی شـــانۆ، لە دوای ٢٠٠٣ بارودۆخی ئابووری پێشڤەچوو، بەڵام شـــانۆ هەر وەکو پێویســـت و بەپێی خواستی شانۆکاران نییە، هۆکارەکان چین بە رای تۆ؟**

- بە رای من تەنهـــا بارودۆخی ئابووری تاکە هۆکار نییە بۆ پێشـــەوە چوونی هونەرو شانۆ بەتایبەتی وابزانم لەم چەند ســـاڵەی داهاتوودا وەك هەموومان دەزانین بارودۆخێکی زۆر ناجێگیـــری کۆمەڵایەتی و سیاســـی و دەروونـــی هەیە لە کۆمەڵگادا بۆیە راســـتە بواری ئابووری باشـــە، بەڵام ئەمە پێوەر نییە، چونکە ســـەردەمانێك و لە قوناغی پێش راپەڕین و هەتـــا دوای راپەڕینیش کە ئابووری زۆر خراپ بوو، بەڵام کاری هونەری زۆر باش و ناوازە پێشکەش دەکرا....

**کاری هونەری لێرە ئەوەندە بەرفراوان نییە، بەڵکو کەم کار دەکرێت و هەمیشە کێشەی بودجە هەیە لە هونەردا**

**• ئەگەرچی ئێستا کارە شانۆییەکان بە ژمارە زۆر نین، ئایا رەخنەگری شانۆییمان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنیان؟**

- بەڵـــێ بۆ نیمانە، ناکرێ هەوڵەکانی نیهاد جامی و حەمە ســـوارە عەزیز و کامەران سوبحان و هەموو ئەوانەی تریش لە بیـــر بکەین و زۆر داوای لێ بووردن لەوانەی تریش دەکەم کە ناویانم لە بیر کردووە من دەست خۆشییان لێ دەکەم.

**• ئێستا خەریکی چی و چی نوێت لە بەرنامەدا هەیە؟**

- من بە خۆشـــحاڵیەوە لە ناوەڕاستی مانگی ١١ دا لەگەڵ هاوڕێیانم (فرمێســـك مســـتەفا و خەرمان هیرانی و رووپاك عەبدولقادر و کەڤاڵ صدقـــی) دا یەکەمین دیداری خانمانی شـــانۆکارمان ســـاز کرد کە بیرۆکەی خاتوو فرمێسك بوو... ئەم دیدارە کارو چالاکی و بەدواداچوونی هەیە واتە کارەکانی بەردەوامە و خۆ ئامادەکردنیشمان هەیە بۆدووەمین دیدار چونکە ئەم چالاکییە ساڵانەیە و ماوەی پانزە رۆژێکە سەرقاڵی کاری کورتە فیلمێك بووم بە ناوی (یەکەمین چیرۆك) لە ســـیناریۆ و دەرهێنانی ســـینەماکار (دانا کریم) مـــن وەك یاریدەدەری دەرهێنـــەر کارم دەکرد کە کارێکی تـــازە بوو بوو من، چونکە تا ئێســـتا تەنها وەك ئەکتەر و نواندن کاری سینەمام کردووە، بۆیە ئەم کارە زۆر خۆشـــحاڵی کردم و هیوادارم هاوڕێیانم لە کەموکوڕییەکانم ببوورن، چونکە هەموو کارێك هەنگاوێکە بۆ فێر بوون و منیش بەردەوام حەز دەکەم فێر بم..

**سەردەمانێك و لە قوناغی پێش راپەڕین و هەتا دوای راپەڕینیش کە ئابووری زۆر خراپ بوو، بەڵام کاری هونەری زۆر باش و ناوازە پێشکەش دەکرا**

# دەستدرێژی دەکرێتە سەر هەیفا

سامح عەزیزی دەرهێنەر لە فیلمە نوێیەکەی کە بەناوی (حلاوه الروح)ە و لە پاڵەوانییەتی هەیفا وەهبی و موحەمەد لوتفییە سوور بووە لەسەر ئەوەی دیمەنەکانی دەستدرێژی کردنە سەر هەیفا دیمەنی راستەقینە بن ئەمەش کارەکەی زەحمەت کرد و بووە هۆی ئەوەی دەیان جار دیمەنەکان دووبارە بکەنەوە.

یەکەم دیمەنی دەستدرێژی کردنەکە کاتژمێر ٨ی شەو دەستیٍ پێکرد و تا بەیانی رۆژی دواتر بەردەوام بوو،چیرۆکی فیلمەکە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی رۆمانسی باس لە ئافرەتێکی جوان دەکات بەناوی (روح) لە یەکێك لە گەڕەکە میللیەکان دەژیت و تووشی تەنیایی دەبێت بەهۆی گەشتێکی درێژخایەنی هاوسەرەکەی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی و مرۆڤایەتی لەنێوان (روح) و گەنجێکی هەرزەکار دروست دەبێت، بەڵام ئەو گەنجە خۆشی دەوێت و هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەك بێت لێی نزیك بێتەوە، پێدەچێت ئەم فیلمە نوێیەی هەیفا وەك فیلمەکەی پێشوو مشتومڕێکی زۆر بنێتەوە.



ساڵی ٢٠١٣ بۆ خانمە ئەکتەر دیمی مۆر یەکێك بوو لە ساڵە ناخۆش و پڕ گرفتەکان بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٥ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەستێرەی ئەمریکی ئاشتۆن کۆتشر پێکهێنا، لەم ساڵەدا ناکۆکییەکانیان بووە بابەتێکی گەرم بۆ میدیا جیهانیەکان، چونکە دیمی بە تەمەن زۆر لە کۆتشر گەورەترە، ئەمەش بارێکی دەروونی ناخۆشی بۆ دیمی دروستکرد.

هەر بۆیە ئەم هاوسەرێتییە بە جیابوونەوە کۆتایی هات، بەڵام جیابوونەشیان دیسان کەوتە بەر هێرشی میدیاکان، بۆیە دوای جیابوونەوەیان مۆر بڕیاریدا هەرچییەکی پەیوەندی بە ئاشتۆنەوە هەبێت لەناوی



# دیمی مۆر دەیەوێ بە یەکجاری هاوسەرەکەی لە بیر بکات

بەرێت بۆ ئەم مەبەستەش بەر لە ماوەیەك ئەو ئەڵقەیەی لە ماوەی پێش دەستگیرانیدا کاتێك داوای هاوسەری لێی کرد پێشکەشی کرد بوو و نرخەکەی بە ٢٥٠ هەزار دۆلار دەخەمڵێندرێت بە نهێنی فرۆشتی، مۆر ئەڵقەکەی فرۆشتە زێرینگرێکی ناوداری ناوچەی بیڤرلی هێلز، لەم بارەیەوە کەسێکی نزیك لە دیمی بە گۆڤاری (ستارز)ی ئەمریکی راگەیاند: ئاشتۆن دڵی مۆری شکاندووە بۆیە هەر شتێك کە بە بیری بهێنێتەوە ئازاری دەدات و تووشی خەمێکی زۆری دەکات ئەویش دەیەوێ بە خۆشی و کامەرانی بژی دوور لە خەم و ناخۆشی.

شایانی باسە دوای ئەوەی ئاشتن خیانەتی لە مۆر کرد جیابوونەوە و ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ میلا کونیس هەیە و مۆریش دەیەوێ لەو گرفتەی رزگاری بێت.

# لاوازی و بێهێزی بە ئەنجلیناوە دیارە



ساڵی ٢٠١٣ چەندین رووداوو بە سەرهاتی جیاجیای تێدا بوو کە تایبەت بوو بە ژیانی جیابوونەوە و هاوسەرگیری و کۆچ کردنی هونەرمەندان، کە هەندێك لەم رووداوانە بۆ ماوەیەك زۆر بوون بە باسی میدیاکان و گرنگییەکی زۆریان پێدا.

یەکێك لەو رووداوانە کە تا ئێستا میدیاکان گرنگییەکی زۆری پێدەدەن و بەردەوام باسی دەکەن بریتی بوو لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی سەیر و چاوەڕواننەکراو لەلایەن خانمە ئەکتەری جیهانی ئەنجلینا جۆلی، نەشتەرگەرییەکەش بریتی بوو لە برینەوەی هەردوو مەمکەکانی بەشێوەیەکی لە ناکاو بێ ئەوەی پێشتر باسی لێوە کردبێت یان ئەوەی روون کردبێتەوە کە نەخۆشیی هەیە، دوای نەشتەرگەرییەکە ئەنجلینا رایگەیاند پێشتر دایکی بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمکەوە گیانی لە دەستداوە و لە ترسی ئەوەی تووشی هەمان نەخۆشی ببێت هەستاوە بە برینی مەمکەکانی وەك جۆرێك لە خۆپاراستن و بەر لەوەی پزیشکەکان پێی بڵێن مەمکەکانی ببڕێتەوە و ئەو کاتیش سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکەی مسۆگەر نەبوو و رەنگە گیانی لە دەستدابا.

بەم دواییەش وێنەگرانی باباراتزی چەند وێنەیەکی ئەنجلینایان گرت کە بە تەواوی لاوازیی پێوە دیار بوو، بەجۆرێك ئێسکەکانی شانی و دەمارەکانی دەستی و چرچ ولۆچی تەواو بەسەر لەشییەوە دیار بوو لە کاتێکدا هێشتا لە تەمەنی چل ساڵیدایە، بڵاوبوونەوەی ئەم وێنانە نیگەرانییەکی زۆری لای جەماوەر و هەوادارانی ئەنجلینا دروست کرد و ترسی ئەوەیان هەیە ئەم لاواز بوونەی لە ئەنجامی نەشتەرگەرییەکە و کاریگەرییەکانی و بنبڕ نەبوونی نەخۆشییەکەی بێت، بۆیە هەوادارانی ئەنجلینا لە فەیسبوك و تویتەر وێنەکانیان بە کۆمێنتی جیاجیاوە بڵاو کردەوە.





## سەیران ئەحمەد:

# هەر گۆرانییەک گوزارشت لە ژیانی هونەرمەند بکات سەرکەوتووتر دەبێت

کچێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لە سەرەتای پێ نانە نێو بواری هونەر و گۆرانی کوردییە، تا ئێستا چەند کلیپێکی هەیە، بەڵام خۆشەویستیی بۆ هونەر و ئەو توانا هونەرییەی کە هەیەتی چاوەڕێی پاشەڕۆژێکی باشی لێدەکرێت لەو بوار ئەگەر بتوانێت بەردەوام بێت و پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، سەیران ئەحمەد لە دایکبووی شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی چەند ساڵێکە لە باشوور لە شاری هەولێر ژیان بەسەر دەبات، سەرەڕای پەیدا کردنی بژێوی ژیانی و زەحمەتییەکانی ژیان، بەڵام ئەو مکورە لەسەر ئەوەی کە ئیدی تواناکانی خۆی نەشارێتەوە و بە دەنگی خۆی خزمەت بە هونەری کوردی بکات.





هەر کەسێك کە دەست بە کاری هونەری دەکات بە جۆرێك و لە تەمەنێك دێتە نێو بوارەکەوە کە جیاوازی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، زۆربەیان هەر لە منداڵییەوە خەریکی کاری هونەرین و لە تەمەنێکی زوودا هاتنە نێو بوارەکەوە، سەبارەت بە سەرەتاکانی گۆران وتنی، سەیران خان دەڵێ: هەست دەکەم سەرەتاکەم باش بوو و بە سەرکەوتووی دادەنێم، هەر لە تەمەنێکی زوودا حەزم لە گۆرانی وتن بوو بەتایبەتی گۆرانیی هونەرمەندە گەورەکان و زۆر جار گۆرانییەکانم دەوتەوە، هەندێك لە هاوڕێ و خزم و کەسەکانم کە گوێیان لە دەنگم دەبوو، پێیان دەوتم مادام دەنگت ئاوا خۆشە بۆچی گۆرانی ناڵێی، ئەمانە زیاتر هانیاندام بۆ ئەوەی خۆم ماندوو بکەم، بەڵام تا دوو ساڵ پێش ئێستا نەمتوانی توانا هونەرییەکانی خۆم دەربخەم ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، بەڵام من لە دڵەوە خۆشەویستیم بۆ هونەر هەیە، هەشت ساڵە من لە کوردستان نیشتەجێم، کە یەکەم جار هاتم کەسانێکی وام نەدەناسی کە لەلایەنی هونەرییەوە هاوکاریم بکات، هەروەها بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان من نەك نەمتوانی وەك هونەرمەند دەربکەوم، بەڵکو نەمتوانی درێژە بە خوێندنیش بدەم.

دەربارەی چۆنیەتی دەستکردنی بە کاری هونەری و دواکەوتنی لە دەرخستنی تواناکانی سەیران دەڵێ: من پێشتر لە بواری ریکلام کارم کردووە، بەڵام سەرەتا ئەوانەی کە درکیان بە تواناکانی منیش کردبوو حەزیان نەدەکرد من وەکو هونەر ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە ئیرەیی پێ بردن، یاخود حەزیان دەکرد من لەگەڵیان بەردەوام بم لە کارەکەی خۆم، هەروەها زۆر کەسیشم نەدەناسی کە لە هونەرەوە نزیك بن یان هونەرمەند بن، کە باسی ئەوەشم دەکرد کەس پشتیوانییەکی ئەوتۆی نەکردم، من ئەوە نزیکەی ٣ ساڵە هاتوومەتە نێو بواری هونەری ئەوەی پێشبینیم دەکرد ئەوە بوو کە هونەرمەند کەسێکە لە شێواز و رەفتار و هەڵسوکەوتی دەبێ جیاواز بی لە کەسانی تر، بە داخەوە ئێستا زۆر کەس هەن کە هەندێك ناوبانگیان لە رێگای هونەرەوە پەیدا کرد ئیدی خۆیان بە کەسانی گەورەتر لە مرۆڤەکان دادەنێن و بیریان دەچێتەوە کە هونەرمەند بە هونەرەکەیەوە گەورە نەك بەپێچەوانەوە و ئەگەر هونەر نەبێت ئەوانیش مرۆڤی ئاسایین و لە رێگای هونەرەوە جیاوازییەکیان لەگەڵ کەسانی ئاسایی هەیە بۆیە پێویست بەوە ناکات غروریان پێوە دیار بێت.

ئەوانەی کە سەیران کاری لەگەڵ کردوون زۆر جار داوایان لێکردووە کە بەردەوام بێت لەگەڵیان لە کار کردن، بەڵام سەیران ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو وەك هونەرمەند ئازادە لەگەڵ کێ کار بکات و هاندان و جوانی و باشی کارەکان لە رووی تێکست و ئاواز بە پێوەرێکی سەرەکی دادەنێت بۆ کار کردن لەگەڵیان و دەستخۆشی و سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە داوایان لێیکردووە دۆیتیەکیان لەگەڵ بکات ئەگەرچی لەبەر ئەوەی پێی باش نەبوو رەتی کردۆتەوە، چونکە ئەو بڕوای بەوە هەیە کە کاری دووەمی پێویستە زۆر لە کاری یەکەمی باشتر بێت ئەگەر باشتر نەبێت یان تەنانەت لە ئاستی کاری یەکەمیشی بێت ئەوا ئامادە نییە بیکات، چونکە پێویستە هەر مرۆڤێك لە هەر بوارێکدا کار بکات بەتایبەتی لە بواری هونەری پێویستە رۆژ بە رۆژ بەرەو پێش هەنگاو بنێت نەك بۆ دواوە بگەڕێتەوە کە ئەمە کارێکە جەماوەر قبوڵی ناکات.

هەڵبژاردنی تێکست یەکێکە لە کارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی هەرگۆرانی و بەرهەمێك لەم بوارەوە سەیران دەڵێ: لە کاتی هەڵبژاردنی هەر تێکستێك من سەرەتا تێکستەکە بە وردی دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم کە ئەو هەستەی من دەمەوێ لەو تێکستەدا هەیە یان نە بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی بیڵێم، یاخود شتێکی خۆمی بۆ باس دەکەم کە بەسەرهاتێکی من بێت و داوای لێدەکەم کە تێکستێکم بۆ بنووسێت کە رەنگدانەوەی ئەو بەسەرهاتە بێت و گوزارشتی لێ بکات، من پێموایە هەر هونەرمەندێك ئەگەر بە هەستێکی راستگۆییانە گۆرانیەکە نەڵێت یان خۆی لە ناو تێکستەکەدا نەدۆزێتەوە زەحمەتە بەو شێوەیە ئەدای بکات کە خۆی دەیەوێ و ئەو کات دەبێتە جۆرێك لە قسە کردن، بەڵام ئاوازی بۆ دانراوە و ناتوانم ناوی بنێم گۆرانی، گۆرانی یەکەمی خۆم کە بە ناوی (بۆ کچێك) بوو رەنگدانەوەی واقعی ژیانی من بوو بۆیە زۆری لەسەر داوای من و تەنانەت لە دانانی تێکستەکەشیدا من بەشدار بووم، چونکە ئەگەر من بەو هەستەوە گۆرانییەکەم نەگوتبا رەنگە نەمتوانیبا تێیدا سەرکەوتوو بم، مەبەستی من لەو گۆرانییە تەنیا ئەوە نەبوو کە ناوبانگ دەربکەم و دەربکەوم، بەڵك دەمویست ئەوەی لە ناخی مندایە دەری ببڕم بەداخەوە زۆر ئافرەتی دیکەی هونەرمەند سەربوردەی ژیانیان وەکو منە ئەگەر سەختتریش نەبێت، بەڵام ناتوانن یان نایانەوێ دەری ببڕن، هەروەها من ناتوانم لە گۆرانی وتندا مەرجی هیچ کەسێك قبوڵ بکەم ئەگەر بڕوای تەواوم پێی نەبێت و بزانم نابێتە هۆی پێشکەوتنی هونەری من.

هەندێك لە ئافرەتە گۆرانیبێژەکان گۆرانییان بۆ کوڕ دەربڕیوە سەبارەت بەوەی کە ئایا ئامادەیە گۆرانی لەو شێوەیە بڵێت سەیران دەڵێت: تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە، بەڵام ناتوانم گۆرانی بۆ هەر کوڕێك بڵێم، چونکە من نازانم لە ناخی ئەو کوڕەدا چی هەیە، بەڵام ئەگەر کەسێك بێت خۆشم بوێت یان بتوانێت ژیان خۆی لە تێکستێکدا بۆ من بنووسێتەوە ئەو کات دەتوانم و ئامادە بیڵێم واتە لە گۆرانییەکدا باسی بەسەرهاتی ژیانی کوڕێك بکەم ئەوەیان زەحمەت نییە و دەتوانم بیڵێم، هەروەها جگە لە گۆرانی ئەویندار بیرم لەوە کردۆتەوە گۆرانی بۆ سروشت و جوانی وڵات و نیشتیمان بڵێم، چونکە ئەرکی هەموو کوردێکە بە هونەرمەندیشەوە شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە بکات و ئێستا لە بەرنامەمدایە گۆرانییەك بۆ هەولێر و کوردستان بڵێم.